# دەزگای برۆکینگز وهەلسەنگاندنی دوارۆژی عێراق !

( بەشی یەکەم)




خالید هەرکی....هۆڵەندا




دوابەدوای راپۆرتەکەی باتریۆس وکرۆکەر لە کۆنگرەیەکی ئاواراتەدا دەزگای برۆکینگز لە واشنتۆن ،بە 7 بسپۆری ئەمریکی باری دوا رۆژی عێراق هەلدەسەنگێنن، ، لەم کۆنگرەیەدا حەوت لە بسپۆرە هەرە ناسراوەکانی ئەمریکا کە شارەزاییان لە گۆران وبزاوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست دا هەیە راو بۆ چونی خۆیان لە مەر پاشەرۆژی عێراق خستە رو .

لە سەرەتا (کارلۆس باسکوال) (1) سەرۆکی دیراساتی سیاسەتی دەرەوە لە دامەزراوی (برۆکینگز ) دواو ووتی :

ئەگەر پێشنیارەکانی جەنەرال باتریۆس سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ئەم سالدا وەرگرین، دەبێ ئەم کشانەوەیە 7 مانگی یەکەمی سالی 2008 درێژەی هەبێ ، بەم پێ یە ژمارەی هێزەکان لە ناوەراستی 2008 هەمان ژمارەی هێزەکان دەبن کە لە کانونی دوەمی 2007 هەبون واتە بەر لە زیاد کردنیان ،پرسیار ئەوەیە ، ئایا چ گۆرانێک روی دا ؟ ئایا دەبێ لەم سیاسەتە بەردەوام بین ؟ ئایا ئەم سیاسەتە کاری گەرە؟ هیچ سەقامگیریەک بۆ عێراق دەهێنێتە کا...؟

دواتر (کینیت بۆلاک)(2) هاتە دوان و وتی:

گۆرانەکانی ئەم دواییەی عێراق هەندێک بەرەو پێش چونیان بەخۆوە دیوە بەلام لە سەرکەوتن نزیک نەبوینەتەوە.. بۆیە دەبێ جەخت لەسەر رەوشی 6 مانگی داهاتو بکەین . کە ئەم جەخت کردنەش بە چەند خالێک شی دەکەمەوە:

یەکەم: لە 6 مانگی داهاتودا ژمارەی سەربازانی ئەمریکی لە 160 هەزار بۆ 130هەزار کەم دەبێتەوە . ئایا بەم ژمارەیە دەتوانرێ کۆنترۆلی دۆخەکە بکرێت ؟ بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ئەنبار ونەینەوا؟ لەکاتێکدا لە ودو پارێزگایانە کاتی خۆی بە هەزاران سەربازی ئەمریکیی لێ بلاوکرابۆوە کەچی کاری تیرۆریستی وتێکدان هەر بەردەوام بو . ئەمە سەرباری ئەوەی کە موسل سێیەم پارێزگای عێراقەو دانیشتوانی لە پێکهاتەی هەمە جۆر پێکهاتون و لە ماوەی رابردو گەورەترین ئاژاوەو شەری ناوەخۆی بەخۆوە دی.

دووەم:

لەروی ئابوری یەوە هەندێک سەرکەوتن بەدەست هاتون بەتایبەت کاتێک هەولەکانی ئەمریکیەکان بە هەماهەنگی لەگەل عێراقیەکان توانیان چەند گیرو گرفتێک چارە بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا

ئەم کەمە سەرکەوتنە دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنێکی ئابوریانەی سەرتاسەریی عێراق ؟ تا دەرفەتی کار فەراهام بکا و کاردانەوەی پۆزەتیفانە لەسەر کەم کردنەوەی توندو تیژی هەبێ؟ وە ئەگەر کاریشی لەسەر رەوشەکە نەکرد ئەوا دەبێ 6 مانگێک چاوەروان بین.

سێیەم:

لەسەر ئاستی سیاسەت ، پرسێک هەیە ئەویش ئایا دەکرێ بزاوێک بەرەو ئاشتەوایی یا سازشی سیاسی بکرێت ؟ ئەوەی لێمان دیارە ئەوەیە کە پرۆسەی ئاشتەوایی چەقیوە بەلام دەکرێ لە رێگەی سازشی سیاسیەوە بەرەنگاری ئاژاوەو تیرۆر بینەوە لە ئەنجام بگەینە سەقامگیریەکی روەو ئاشتەوایی ، ئەمەش کاتێکی زۆری گەرەکە ، ئەوەی ناشاردرێتەوە ئەوەیە کە پەرلەمانی عێراق ، لۆردە کانی جەنگی شیعی لەسەری زالن کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە هیچ سازشێک بکرێت ، هەر بۆیە باشترین رێگە چارە ئەوەیە دەسەلاتی سەنتەری پارێزگاکان بەهێز بکرێت تا خۆیان لە نێو خۆیاندا رێک بکەون هەروەکو ئەوەی لە موسل کرا،ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئەمریکا دەسەلاتی زیاتر بۆ پارێزگاکان فەراهەم بکات وە هەرچی زوە هەلبژاردنی نوێ بکرێت ، چونکە ئەوەی لە عێراق پیادە دەکرێت سیستەمی فیدرالی یە ، چونکە ئەو کاتەی حکومەت لەکار دەکەوێ دەبێ هەلبژاردنی نوێ بکرێت دیارە بەهەلبژاردنی نوێ ئەندامی نوێ دێنە سەر گۆرەپانەکە دور نیە ئەوان سازشی نوێ بۆ یەکتر بکەن کە لژێر فشاری پەرلەمانی کۆندا رزگاریان بوە.

لێرە دا ( باسکوال) کەوتە پرسیار : بەلام سونەکانی ئەنبار لەکاتێکدا هاوکاریی ئەمریکیە کان دەکەن کەچی هاوکاریی حکومەتی عێراق ناکەن ، چونکە شیعەکان لەسەری زالن ؟

دواتر(کینیت بۆلاک )وەلامی دایەوە:

پشتگیری لە بۆ چونەکانی (باسکوال) دەکەم کە سونەکان پشتگیری حکومەتەکە ناکەن بە هۆی ئەوەی بە حکومەتی شیعەی دەزانن ئەوانیش کاری درندانەیان دژ بەوان (سونە) ئەنجام داوە .

دواتر (فیل گۆردۆن) (3)لە دامەزراوی برۆکینگز ئەستیتیۆشن ، دانەری پەرتوکی (قازانجی شەری رەوا) کەوتە قسە و ووتی:

ئایا ئەمریکا هیچ دەسکەوتێکی وەدەست هێناوە ؟ لەم ستراتیجیەتەیدا سەرکەوتو دەبێ؟

هەر خۆشی وەلام دەداتەوە:

ئەستەمە ئەمە وابە ئاسانی بزانرێت چونکە من لە سەرکەوتنە ستراتیجیەکانی ئەمریکا بە گومانم من هەندێک ئاماژەی لەیەک نەچو بەدی دەکەم ، راپۆرتی جیا جیا هەن لەسەر ئەم رەوشە ، بۆ نمونە راپۆرتی ژمێریاری گشتی وراپۆرتی باتریۆس و راپۆرتەکانی جەنەرالە بێلایەنەکان ، سەرباری راپۆرتەکانی ژۆرنالیستەکان و ئەوانەی بەسەردانیش دەچنە ئەوێ. ئەمانە هەمو دەمان باتە سەر ئەو بروایەی کە رەشبینیەک بەدی بکەین بە بەراورد لەگەل بۆچونەکانی سەرۆک بۆش دا.

راپۆرتەکەی باتریۆس بەباشی رەوشەکە هەلدەسەنگێنێ لەکاتێکدا بەر لەسێ سال راپۆرتێکی بەرزکردبوەوە ئەنجامەکەی وەکو ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتبو وا دەرنەچو بۆیە لەم راپۆرتەشی بە گومانم .

دواتر (گۆردۆن ) کەوتە دوان:

هەروەکو لە راپۆرتەکەی باتریۆس ئاماژەی پێدراوە زیادکردنی هێزەکانی سەربازی ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوە بەلام بۆ هەندێ مەرامی تری جیا سودمەند بوە، ئەوە لە کاتێک کە سەرۆک بۆش بریاری زیاد کردنی هیزی دا لە 10 ی کانونی دوەم بۆ ئەوە بو کە بارو دۆخەکە ئارامتر بێ و لە کۆتاییدا بتوانرێ پرۆسەی ئاشتەوایی ئەنجام بدات. بەلام بە پێی راپۆرتی کرۆکەر وادەردەکەوێ کە پێشوەچونی سیاسی نەبوە .

هۆیەکی تری گومانەکانم ئەوەیە کە جەنەراڵ باتریۆس دەڵێ زیاد کردنی هێزەکان بۆ ماوەیەکی کاتیە واتە لە سەرەتای مانگی کانونی دوەم دەست بە کەم کردنەوە دەکرێت بەم پێوەرە لەدوای 8 مانگ 30 هەزار سەرباز دەکشێنینەوە ئەمەو سەرۆکی ئەرکان کێیس یش دەڵێ ناتوانین تا دوایی ئەم هێزانەمان بهێڵینەوە ، کەواتە گەراینەوە بۆ هەمان خالی کە لێیەوە دەستمان پێی کردبو.

خالێکی تر ئەوەی کەلە ئەنبار خولقا پەیوەندیی بە زیاد کردنی هێزەوە نەبو هەروەکو سەرۆک بۆش لە سەردانەکەی وای بۆ دەچو ، ئەستەمە ئەمە بروا بکری،چونکە ئەو گۆرانەی ئەنبار لە ئەنجامی هاوکاریەکانی سونە رویدا دیارە کە قاعیدە لە نێو عێراقیەکان خۆشەویست نەماوە . نەهاتنی سونەکان بۆ ژێر رکێف و چەتری پرۆسەی سیاسی وئاشتەوایی ئەستەمە کە عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە من دەپرسم..... شتێک هەیە ناوی عێراق بێ ؟ ... ئەگەر مەساجی ئەمریکا بۆ عێراقیەکان ئەوەیە کە عێراق بەیەک پارچەیی بمینێتەوە ؟ ئەمە کارێکی ئاسان نیە راپۆرتەکان وا ئاماژە دەدەن کە کوردەکان ئەمەیان پێ خۆش نیە. شیعەکان دەلێن ماوەیەکی زۆرە سونەکان زولممان لێدەکەن بۆیە ئامادە نین جلەوی حوکم بدەینەوە دەست سونەکان. ئەمەش سونەکان قەبولی ناکەن.

واپێدەچی کە سەرۆک بۆش دوای راپۆرتەکەی کرۆکەر وپاتریۆس لەسەر ستراتیجیەکەی بەردەوامە ، بەلام دەبێ دان بەوە بنێ کە ئەم ستراتیجیەتە نایگەیەنێتە هیچ دەسکەوتێک.

دواتر (باسکوال) کەوتەوە پرسیار وتی:

کەم بونەوەی کوشتیار لە عێراق چی دەگەیەنێ ؟ پەیوەندیی بە سەرکەوتنی پیلانەکەوە هەیە؟ یا گەمە بە ژمارەکان دەکرێت ؟ یاخود عێراقیەکان لەم کارە ماندو بونە؟

(فیل گۆردۆن) وەلامی دایەوە:

بەراستی ناتوانم ئەمە وەلام بدەمەوە بەلام بونی سوپای ئەمریکی لە عێراق کاردەکاتە سەر کەم بونەوەی کوشتنی تایفی هەر کاتێک ئەمریکا لەم شوێنە نەما ئەم ژمارانە بەرەو ژور دەچن .

(1)- کارلۆس باسکوال
(2) - کینیت بۆلاک
(3)- فیل گۆردۆن
(4) - پیتر رۆدمان
(5) سۆزان رایس
(6) – مایکل ئۆهاینلۆ
(7) – برۆس رایدل

سود لە گۆڤاری الوطن العربیی رۆژی 26-09-2007 وەرگیراوە

www.serben.com

khalidherki@chello.nl